# ئەڵقەکانی گرژییەکی ناوخۆیی کوردی: چەمانکێ، شەنگال و زینی وەرتێ

10-11-2020

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** لە رۆژانی رابردوودا دەرووبەری ناحیەی چەمانکێ لە ئامێدی کە لانیکەم 35کم لە سنوورەوە دوورە، شوێنی بەریەککەوتنێکی سەربازیی نێوان پەکەکە و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو. خاڵی هاوبەشی لێدوانی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و پەکەکە، رەتکردنەوەی شەڕی ناوخۆیە بەڵام، ئەمە بەشی ئەوەی نەکرد کە نیگەرانییەکانی رای گشتی لەوبارەیەوە بڕەوێنێتەوە.

**بەرایی**

لە ڕۆژانی ڕابردوودا دەرووبەری ناحیەی چەمانکێ لە ئامێدی کە لانیکەم 35کم لە سنوورەوە دوورە، شوێنی بەریەککەوتنێکی سەربازیی نێوان پەکەکە و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو. خاڵی هاوبەشی لێدوانی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و پەکەکە، ڕەتکردنەوەی شەڕی ناوخۆیە بەڵام، ئەمە بەشی ئەوەی نەکرد کە نیگەرانییەکانی ڕای گشتی لەوبارەیەوە بڕەوێنێتەوە.

لە ڕاستیدا ئەوەی لە چەمانکێ ڕوویدا ئەڵقەیەکی زنجیرە ڕووداوێکی سیاسی- سەربازین کە لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا لە ملی باکووری هەرێمی کوردستان ڕوویانداوە و گرژییەکانی نیوان پ.ك.ك و هەرێمی کوردستانیان زیاتر کردووە. چەمانکێ، ڕێککەوتنی شەنگال و زینی وەرتێ گرێدراوی یەکن وئەمانەش، دەرئەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری وەك زنجیرە ئۆپەراسیۆنەکانی پەنجەی تورکیا و ململانێ جیۆسیاسییەکانن لە عێراق. لەوەش بترازێ، ڕکابەرییە پایەدارە نێوخۆییەکانی هێزە کوردییەکانیش ئەو گرژییە بەگەشی دەهێڵێتەوە.

**چەمانکێ لە نێوان نیگەرانییەکانی هەرێم و پەکەکەدا**

تێپەڕکردنی جادەیەکی نێوان چەمانکێ و دینارتە بەرەو گرێ کە پەکەکە وەك "ناوچەی گەریلا" ناوی دەبات کاردانەوەی پەکەکەی لێکەوتەوە. گرێ لە سنووری ناحیەی چەمانکێ دەکەوێتە نێوان شاخی سیان لە باشووری گارا و شاخی بێکەس. دوای ئەوەش لە باکووری ئەتروشەوە لە نێوان گوندی ئیسرا و کانیکی پێکدادانیکی دیکە ڕوویدا و بە ڕووداوەکەی بامشمشی سەربە دینارتەوە کە چەند ڕۆژێك لەوەوبەر ڕوویدابوو، ئەمە سێیەم بەریەککەوتنی چەکدارییە کە لە ماوەی کەمتر لە یەك مانگی ڕابردوودا لە نێوان هەردوولا ڕوودەدەن.

بەرپرسانی پ.ك.ك جموجوڵی دوایی پێشمەرگە وەك هەڕەشەیەك لەسەر بنکە سەرەکییەکانی خۆیان و بۆ تەوقدانی گارا سەیر دەکەن و بە وتەی خۆیان شەڕی "خۆپاراستن"[1]یان کردووە. لەدوای زنجیرە ئۆپەراسیۆنەکانی "پەنجە"وە کە تورکیا لە مایسی 2019وە دەستیپێکردوون، تاقە شوێنێکی گرنگە بۆ ئەوان کە بە کەمی هێرشی کرابێتەسەر. تورکیا بە درێژایی هێڵی سنووری، لە شارباژێر و قەندیلەوە بگرە هەتا خواکورك، مەتینا، زاپ و حەفتانین لە بادینان هێرشی کردووە، بەڵام گارا کەمتر لەبەر قەرەوڵدا بووە و پ.ك.ك لەوێ زیانی کەمتری پێگەیشتووە.

پێدەچێت بەرپرسانی هەولێریش نیگەران بن لەوەی کە بەهۆی داکشانی زیاتری پ.ك.ك بەرەو قووڵایی هەرێمی کوردستان ڕێگا بۆ دەستوەردانی زیاتری تورکیا خۆش بێت. بەڵام، ئۆپەراسیۆنەکانی "پەنجە" و لەشکرکێشییەکانی لە ڕۆژئاوای کوردستان کە ڕێگەیان بۆ لە دەستچوونی عەفرین، سەرێکانی و گرێسپی و چەندین شوێنی دیکە کردەوە، جیاوازی و مەترسیی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەمجارەی تورکیای بۆهەرێمی کوردستان دەرخست. ئەمە بە جۆریکە کە تەنانەت تورکیا زیاتر لە 200 کم لە دووری سنوورەکانی خۆی لە سنووری پارێزگای سلێمانیش بۆردومانی ناوچەی سڤیلی کردووە. لێرەدا دانانی بنکەی سەربازی پێشمەرگە و تەنانەت ڕێگەدان بە زیادبوونی بنکەی هێزەکانی پاسەوانی سنووری عێراق وەك هەوڵێك بۆ ڕێگرتن لە داکشانی زیاتری پەکەکە وهاتنی تورکیا سەیر دەکرێت.

**تەنگژەی دەسەڵات و سەروەری**

پرسی مانەوەی پ.ك.ك لە هەرێمی کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا وەکوو بابەتێکی گرنگی سیاسەتی تورکیای بەرامبەر هەرێمی کوردستان لێهاتووە. وادیارە لەتبوونی زیاتری سەروەری و دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم بە قازانجی بەشێك لە دەوڵەتانی ناوچەکەیە وەك چۆن دابەشبوونی هەرێم لە نێوان ی.ن.ك و پ.د.ك لە ساڵانی ڕابردوو کەڵکی بۆیان هەبووە. بەڵام لەوەش بترازێ، ئەم بابەتە مژارێکی سیاسەتی نیوخۆی هەرێمی کوردستانیشە و فاکتەری پ.ك.ك وەکوو کارتێکی گوشار لە سیاسەتی نیوخۆی هەرێمیشدا ڕۆڵی هەیە.

لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، تورکیا، ئێران وعێراق هەریەکەو بە لەونێك هەوڵی سنووردارکردنەوەی جوگرافیای دەسەڵاتی کوردیان داوە. دوای گشتپرسی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی زۆربەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمیان کۆنترۆڵ کرد. ئێران لە هەندێك لە ناوچە سنوورییەکاندا بنکەی سەربازیی جێگیری دانا کە دوایین دانەی لە چیخیدارەی دەڤەری برادۆستە. تورکیاش هەوڵی

کۆنترۆڵکردنی بەشێك لە ناوچە و ڕێگاکانی سنووری داوە. لەماوەی نێوان 2019-2020دا بە 5 ئۆپەراسیۆن لە زنجیرە ئۆپەراسیۆنەکانی "پەنجە"دا تا ئیستا، "تورکیا 9 بنکەی سەربازی لە چیا دێڵەوە لە بەرمیزە لە باکووری ڕۆژئاوای سیدەکانەوە هەتا چیای سەر زیلکوك لە گوندی خەلیفان لە باکووری ناوەڕاستی ئەوێ داناوە." لە بەشەکانی کۆتایی ئۆپەراسیۆنەکانی پەنجەشدا "15 جێگەی دیکە لە دەڤەری زاخۆ و دهۆك لە سنووری ناحەیی باتیڤا و دەرکار خستۆتە دەستی خۆی. وەکوو دێرەشیش، ئاوا گیزێ، منین، ئابلەهی، کۆڤی مەلا یەحیا، کۆڤی مچۆلیا، گرێ نزێ، سیارێ گەورکێ، ئێکا حالی، کە لە هەندێك شوێندا بە قوڵایەتی  زیاتر لە 30 کم دەگات." بەمجۆرەش، عێراق لە ملی باشوور و ئێران و تورکیاش لە ملی باکوورەوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کوردسیتان بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەرتەسکتر کردووە. هاتنە پێشەوەی تورکیا و جێگربوونی لەناوخاکی هەرێم بەشێوەی سرووشتی ڕێگای بۆ داکشانی زیاتری پ.ك.ك بەرەو قووڵایی هەرێمی کوردستان خۆشکرد. ئەمەش لە کاتیکدایە کە عێراق یان لانیکەم بەشێك لە دەوڵەتی عێراقیش بەشێوەی ناڕاستەوخۆ درێژەی بە هاوکاری لەگەڵ پ.ك.ك لە شەنگال داوە و ئێرانیش چاوپۆشی کردووە لەوەی کە پ.ك.ك لە قەندیلەوە بەرەو پێنجوێن بکشێت. ئەمانەش ئەو گریمانەیە بەهێزترەدەکەن کە هەرسێ لایەنی تورکیا و ئێران و عێراق دەیانەوێ ئەم هێزە زیاتر بەرەو قووڵایی هەرێمی کوردستان پاڵ بنێن و بەوجۆرەش تەنگژەیەکی نوێ بە تەنگژەی کۆنی ی.ن.ك و پ.د.ك لەسەر دەسەڵات و سەرەوەری لەناوخۆی هەرێم زیاد بکەن.

بەهاتنی زیاتری پ.ك.ك بەرەو قووڵایی هەرێم، کوتێکی دیکەی سەروەریی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەکردەوە لەلایەن ی.ن.ك و پ.د.ك بەشکراوە دەکەوێتە ژێر پرسیار. سەرەڕای ئەوەی کە موراد قەرەیڵان ڕایگەیاندووە کە ئەوان ئەڵتەرناتیڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان نین بەڵام، درووستکردنی ناوچەی "پاراستنی میدیا" یان "ناوچەی گەریلا" و بەرەنگاربوونەوەی ڕێککەوتنی شەنگال، لەلایەن حکومەتەوە بەجۆریکی هەوڵدان بۆ داوکردنی سەروەری و دەسەڵات لەنێو هەرێمی کوردستان لێکدەدرێتەوە. بەشێوەی ڕێژەیی پانتایی رووبەری ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم لە سنووری باکوورەوە هەتا پارێزگای مووسڵ لە درێژترین شوێندا ناگاتە 80کم کە ئەمەش، لە شریتی سنووریدا بەشێوەی ڕێژەیی لە هەندێك شوێندا هەتا 30کم، یان تورکیای لێیە یان پ.ك.ك. پێدەچێت یەکێك لە ئامانجەکانی ئۆپەراسیۆنەکانی پەنجە، پاڵنانی زیاتری پ.ك.ك بێت بۆ ئەوەی لە سنوور دووربکەوێتەوە و زیاتر بەرەو قوڵایی هەرێم بڕوات. بەمەش هەم هەڕەشەیەکی سەربازی لە کۆڵی خۆی دەکاتەوە، هەم وەکوو، زیاتر لە جاران پ.ك.ك تێکەڵاوی هاوسەنگییە سیاسی و سەربازییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات. نەمانی دەرفەتی پ.ك.ك بۆ مانەوە لە ناوچە شاخاوییەکانی سنوور و سنووداربوونی جموجوڵەکانی لە باکوور، وادەکات کە زیاتر بەرەو قووڵایی هەرێم بێت. ئەمەش خواستە یان ناخواستە تێکەڵابوونی هێزە کوردییەکانی لێدەکەوێتەوە. ترنجاندنی هەژمارێکی زۆری هێزی چەکداری لە پێشمەرگەی کوردستان و گەریلای پ.ك.ك، لە جوگرافیایەکی سنووردار، ئەویش لە کاتێکدا کە ئایدۆلۆژیا و سیاسەتی جیاوازیان هەیە و ململانێی سەپاندنی سەرەوەری دەکەن، بەستێنی ناکۆکی و گرژییەکان زیاتر دەکات.

لە دوای ئۆپەراسیۆنەکانی پەنجەوە، پ.ك.ك زیاتر بەرەو قوڵایی هەرێم داکشاوە کە لە هەندێك شوێن لەسنووری پارێزگای سلێمانی هەتا 40-50 کم لە قەندیل دوورتر رۆیشتووە. بێگومان بەشێکی ئەمە پەیوەندی بەوەشەوە هەیە کە پ.ك.ك لە سیاسەتی نێوخۆیی هەرێمدا رۆڵی درووستکردنی باڵانسی پەیداکردووە. لە رابردوودا هەریەك پ.د.ك و ی.ن.ك جاربەجار کەڵکیان لە هەبوونی پ.ك.ك لە هەرێمی کوردستان وەگرتووە بۆ درووستکردنی گوشار لەسەر یەکتر و پێدەچێت لەم قۆناخەی ئێستاشدا ی.ن.ك بۆ هاوسەنگکردنی هێزی پ.د.ك کە پێیوایە زیادی کردووە، کەڵك لەوە وەربگرێت. جگە لەوە، لە هەندێك شوێنی پارێزگای دهۆکیش وەك سنووری ناحیەی مانگیشکێ کە نزیکەی 20 کم لە دهۆکەوە دوورە، پ.ك.ك لە نێوان 30-35کم لە سنوور دوورکەوتۆتەوە. ئەو رۆیشتن بۆ هەر شوێنێکی کوردستان بە مافی خۆی دەزانێت و لەوەشدا جەخت لەوە دەکات کە پرس بە هیچ کەس و لایەنێك ناکات. بەمجۆرەش ئەگەر هەبوونی هێزەکانی پە.ك.ك لە شەنگال و داکشانی زیاتری بەرەو قووڵایی هەرێم  هەژمار بکرێت، ئەوا تێگەیشتن لەو نیگەرانییانەی هەولێر سەبارەت بەوەی کە لەلایەن پ.ك.ك وە تەوق دراوە ئاسانتر دەبێت.

**ڕێککەوتنی شەنگال لە کوێی گرژییەکاندایە؟**

لەدوای گشتپرسی سەربەخۆیی، ڕێککەوتنی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا سەبارەت بە شەنگال بە گرنگترین ڕێککەوتنیکی هەردولا هەژمار دەکرێت کە تێیدا بەغدا بە رۆڵی هەرێمی کوردستان لە ئیدارەی هاوبەشی ئەو ناوچەیەدا قایل بووە. هەریەك لە میسر و ئەمریکا و بەشێك لە وڵاتانی ئەورووپی پاڵپشتی خۆیان بۆ ڕێککەوتنەکە راگەیاندووە بەڵام لەناوخۆی عێراق، هەندیك لە پەرلەمانتارانی فەتح و دەوڵەتی یاسا و عەسائیبی ئەهلی هەق بە راشکاوی دژی ئەوە دەرکەوتوون و سەرۆکوەزیرانی عێراقیش جەختی لەوە کردووە کە هەندیك لایەن بەو ڕێککەوتنە قەڵسن. بەشێك لە میدیاکانی نزیك لە دەسەڵات لە ئێران ڕێککەوتنی شەنگالیان بە هەوڵدان بۆ دابڕاندنی"میحوەری موقاوەمە" ناوبردووە و هەندێکی دیکەش ئەمەیان وەك مامەڵەیەکی کازمی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بۆ مانەوە لە دەسەڵات ناوبردووە. لە راستیدا ئەو ڕێککەوتنەی کە کازمی لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردوویەتی هەمان ئەو پێشنیارەی "ئیدارەی هاوبەش"ە[2] بۆ ناوچە جێناکۆکەکان کە وەختی خۆی لە 2017دا حەیدەرعەبادی کردبووی.

---

ئەگەر ڕێککەوتنی شەنگال جێبەجێ بکرێت، ئەوا پێویستە بێجگە لە پۆلیسی محەلی ودەزگای هەواڵگری و ئاسایشی نیشتمانی کەس خۆی لە قەرەی دۆسیەی ئەمنی نەدات و هێزە چەکدارەکان لەوێ دەرکەون. ئەمەش ئەو خاڵەیە کە بەشێك لە حەشدی شەعبیی بێزارکردووە کە لە 2017ەوە شوێنی خۆیان لەوێ خۆشکردووە. ترسی سەرەکی ئەوان ئەوەیە کە دەستیان لە سنوورەکان لەگەڵ سووریا ببڕێت. بە تایبەتی دوای ئەوەی کە سەرۆکوەزیران هەوڵێکی چڕی بۆ کۆنترۆڵکردنی سنووردەکان دەستپێکردووە بایەخی ڕێڕەویی شەنگال بەرەو سووریا بۆ ئەوان زیاتر بووە. خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە ئەگەر ڕێککەوتنی شەنگال بچێتە سەر، ئەوا لەوانەیە ببێتە نموونەیەك بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردی- سوونی لە عێراق کە حەشدی شەعبی تییاندا جێگیربووە. ئا لەبەر ئەمە نایانەوێ سەربگرێت.

لە ڕاستیدا ڕێککەوتنی شەنگال لە دژی بەرژەوەندی هەریمی کوردستان و کورد بە گشتی نییە. بە پێچەوانەوە ئەوە دەتوانیت ببێتە نموونەیەك بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی هەرێم. ئەمەش لە دوای ڕووداوەکانی پاش گشتپرسی، لانیکەم بۆ ئێستا باشترین چارەسەرێکی مومکینە بۆ ئەوەی کە کورد بە ڕەسمی لەو ناوچانە وردە وردە ڕۆڵ پەیدا بکاتەوە. هەڵبەت پ.ك.ك ڕێککەوتنی شەنگال وەکوو پیلانێکی ئەمریکا، پ.د.ك و ئاکپارتی لە دژی خۆی سەیر دەکات و جەخت لەوە دەکات کە عێراق و پ.د.ك دەیانەوێ لەوێ باڵادەست بن. بە وتەی جەمیل بایك،"تورکیا و عێراق و پ.د.ك دەیانەوێ ڕێککەوتنێکی هاوشێوە سەبارەت بە مەخموووریش بکەن."[3] بایك جەختی لەوە کردۆتەوە کە پ.د.ك و تورکیا دەیانەوێ هێرش بکەنە سەر هەرشوێنێکی وەکوو شەنگال کە سەرۆکایەتییەکی ئەوان لەوێ لایەنگری هەیە. لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی دۆخی ڕۆژئاواوە، شەنگال بایەخێکی ستراتیژی بۆ پ.ك.ك پەیدا کردووە بۆیە دژی هەرجۆرە ڕێککەوتنیکی بەغدا و هەرێمە کە زیان بە پێگەی ئەو بگەیەنێت. کاتێك ئەمەش لەگەڵ تێگەیشتنی پ.ك.ك سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی هێزەکانی پێشمەرگە یەکبخرێت کە ئەو وەکوو "گەمارۆدانی ناوچەی گەریلا" سەیری دەکات، ئەوسا زەمینەی گرژییەکان بەهێزتر دەبن.

**ئەنجام**

ڕووداوەکەی چەمانکێ، ڕێککەوتنی شەنگال و زینی وەرتێ گرێدراوی یەکن. خواستێکی ناوچەیی هەیە بۆ بەرتەسکردنەوەی جوگرافیای دەسەڵاتی کوردی و ترنجاندنی هێزە نەیارەکانی کورد لە پێگەیەکی بچووکدا. ئەمەش خواستە ناخواستە، کوردەکان لە پرسە سەرەکییەکانیان دوورتر دەخاتەوە و بەهۆی جیاوازی ئایدۆلۆژیا و ململانێکانیان لەبارەی سەرەوەری، بەرەو لێواری گرژی و شەڕی ناوخۆیان دەبات. بۆ ڕێگرتن لە زیادبوونی گرژی و ئەگەری شەڕ، پێویستە هەرێمی کوردستان بە هاوکاری لەگەڵ عێراق چارەسەرێك بۆ پرسی مانەوەی پ.ك.ك لە هەرێمی کوردستان بدۆزێتەوە. چارەسەرکردنی ئەمە وەك پرسێکی ناوخۆیی کوردی، هەم کاتی دەبێت هەم وەکوو هەمووکاتێ بیانوی تورکیا بۆ دەستوەردانی زیاتر بە زیندوویی دەهێڵێتەوە و بەرپرسیارییەکەی ئەوەش بۆ هەرێمی کوردستان قورس دەبێت. تەنانەت ئەگەر بوار بڕەخسێت چارەسەرێکی کوردی- عێراقی- نێودەوڵەتی بۆ ئەو پرسە باشترین ڕێگایە و لێرەشدا دەکرێ ڕۆڵی ڕوو لە زیادبووی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕووداوەکانی ئەمدواییەی عێراق لە پێشچاو بگیرێت.

خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە باشتروایە پرسی مانەوەی پ.ك.ك لە هەرێم لە ململانێ سیاسییەکانی ناوخۆ بە تایبەتی لە ململانێکانی نێوان ی.ن.ك و پ.د.ك دووربخرێتەوە و ئالێرەشدا کۆبوونەوەو دیالۆگی دوو لایەنە و چەندلایەنەی هێزەکانی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی نێوانیان بایەخی زۆری هەیە کە دەکرێ سەرۆکاەیتی هەرێم لەوەدا ڕۆڵێکی کارای هەبێت.

[1] https://anfturkce.com/kurdIstan/Cewlik-gerceklesecek-operasyondan-barzani-sorumludur-147979-

[2] _ https://www.almayadeen.net//news/politics/828097/

[3]_ http://serxwebun.org/index.php?sys=naverok&id=460